کەوتن

بەکر باراوی

هەر ئەوەندەت زانی هات و هاواریکی سەیر و لە ناکاو لە ریزە دوکانەکانی ئەو لاتەوە بلند بۆوە . دلت داخورپا . هەستت کرد کە ئەوەی روویداوە پەیوەندی بە تۆوە هەیە ! .

حاجی دوکاندار لە پیشەوە بە هەلە داوان و ، ئەوانی تر بە دوایدا رووەوکەلاوەکەی بەرانبەریان هەر هەنگاویکیان دەکرد بە دوان و هاواریان دەکرد :

– کورە پیاوی چاك بن مەهیلن رابکات .

– مەترسن پیشی لی بگرن .

– ئەها . . . کەوت .

مندالانی گەرەکیش وەك موویان بۆ هەلکروزابیت ، هەر یەکە (کەلا)ی خۆی رفاندو ، شاری چاو شارکییان بە چۆلی جی هیشت و ، دوی ئەوان کەوتن . کەچی تۆ بە پیچەوانەی ئەوانەوە . پووش و پەلاشەکەی دەستت تور داو ، وەك هەموویان دوای تۆ کەوتبن بە پەلە خۆت لە گەرووی کۆلانە تەنگەبەرەکان توند کردو ، دوور کەوتیتەوە .

«ئەمشەو لە خەومدا راویان دەنام . هەنگاوم دەنا و ، لە جیی خۆم نەدەجولام . هاوارم دەکرد و دەنگم دەر نەدەهات . لیم نزیك دەبوونەوە . هیرشیان بۆ هینام . دەستیان دریژکرد و ، راچلەکیم !» . رات دەکرد و ، دلت لە سی و دوری ترسیکدا یەك بینی لیی دەدا .

«– باشە کی دەزانیت من بووم ؟

– چۆن نازانن ؟

– ئەی (شلیر)م لە گەلدا نەبوو ؟

– ئەو لای کەس قسە ناکات ! . . .

بلیی قسە بکات ؟» .

بی دەنگ دەرۆیشتیت . کۆلانەکان یەك یەك هەلیاز

..ەوشیت . (بۆکوێ ؟) .

خۆشت نەتدەزانی . لە نێوان دوو مەشخەڵی گڕو ترس‌دا ...ە پڕوکایت . دڵت قوڵپی دەدا . لەوەدا بوویت لە پەنا ..ڕێك دا چیچکە بکەیت و ، ملت بنێیت بە لارەوە . ..یتە پرمەی گریان . گەرەکە ماڵێك لە خۆت گرد بکەیتەوە . ..ێ دێن دەستت دەگرن و بە زۆر بەرەو ماڵەوەت دەبەنەوە .

«هەر ئەوەندەش بزانن لە ماڵەوەم . دێنە ویزەم . تێر تێرم ..کوتن و ، تا بەندی خانەش نامگێرسێننەوە !»

گڕی چاوەکانی دایکیشت هێندەی تر دەیهێنایەوە یَك . ..تانی چاوت بۆ دەگێڕێت . لەمنداڵان دەپرسێت تا ..مەکەی دەستگیر دەبێت . دەزانی تۆ کەتنەکەت کردوە .

. دەڕۆیتەوە پێشت لێ دەخواتەوە .

– نەء . . نارۆمەوە . . . . ئەچمە ماڵی (. . .) .

– ئەی شەو ؟

– ..ا توانم !» .

تەواو ئاڵۆز بوو بوویت . ڕەنگت بوو بووە بەیانەی زەرد . ..ت وەك ئەو پیاوە ڕەنگ دێزە دەم و لووت هەڵپێچراوە ..تە پێش چاو کە پێش ماوەیەك مامۆستاکەی کە تۆی لە ..خانە وەرگرت ، لە چەقی شەقامەکەدا بە هەڵە خپ کرد و ، ..ت بەرزەکی بانان خۆی لە تەنگی کۆڵانەکان ترنجاند ! .

(بڵێی مرۆڤ لەوە بە دوا بتوانی ئاسوودە بژی ؟ . . بڕوا ..کەم !)

هەنگاوەکانت وەك جەستەت شێواو ، بەڵام شارەزایانە ..ۆڵانەکانیان دەدایە دەم یەك . ئەو کۆڵانانەی کە تا خۆر خۆی ..کردایەتەوە بە ئاسۆی ماڵی خۆیدا ، تۆ و شلێرو ئەوانی تر بە ..و شارکێ و شار گرەوە لە کۆڵیان نەدەبوونەوە .

ئالوودەیی تۆ و ئەو لە مێژ بوو سەرنجی دایکتانی کێش ..ردبوو . زۆر جار لێتان دەبیستن :

– لە ئێستاوە چەند یەکتریان خۆش دەوێت ؟

– دڵ لە دڵ مەدە ، کە گەورە بوون وانامێنن .

– خوا بیکات ئەیکەم بە بووکی خۆم !

بە پێچەوانەوە . تەنها کەسێك لەو ساتەدا کە ڕقت لێ دەکێشا (شلێر) بوو ! چونکە بەلاتەوە تاکە کەسێك بوو کە لە هەموو شتێك وەئاگا بوو . زۆر جار کە دوور دەکەوتنەوە دایکت ئەوی بانگ دەکرد و لێی دەپرسی :

– ئەوە لە کوێ بوون ؟ چیتان کرد ؟

ئەویش ڕاستی دەووت و ، بڕوای پێ دەکرد . «خۆم ئەزانم ! ئێستا هەموو شتێکی گێڕاوەتەوە . هەمووشیان دەووروژێنێت . چەندان کەس دەکەونە ئەم کۆڵانانە . چەندانی تر ماڵە و ماڵ بە دومدا دەگەڕێن !» .

هێندە ئاورت دایەوەو ، ئەملاو لای خۆت بەسەر کردەوە . بەر چاوەکانت تاریك داهاتن . ڕووناکی هیچ ماڵێکیش دڵی ڕۆشن نەدەکردیتەوە . شاریش بەرگە ئاڵ و والآکەی ئەو ڕۆژەی فڕێ دا . وەك دایکێکی جگەر سووتاو کفنی ڕەشی شەوی دەپۆشی .

پیاوانی بازاڕیش بە دەستە سری پڕ میوەوە بەلاتا تێدەپەڕین . بێ خەم خۆیان دەکردەوە بە ماڵەکانیاندا . دەرگاکانیان لەو دیوەوە کلۆم دەدا ! .

«ئێستا باوکیشم هیلاك و ماندوو دەگەڕێتەوە . لە ڕێوە هەواڵی من دەپرسێت . لە ماڵ نیم . دەرگاکە کلۆم دەدات . ناهێڵن پشوویەك بدات لە نووکەوە بۆی دەگێڕنەوە . چاوی دەپەڕێتە پشتی سەری . هەڵدەستێت و ، بەر پێی خۆی بەدی ناکات . هەرەشەی سەر هەڵکەندنم لێ دەکات !»

دوا چەرخەت کرد . ناچاری ملی ئەو شەقامە لارو لەوێرەی پێ گرتیت کە دەتداتەوە دەست ماڵەوە . هەنگاوەکانت پاڵیان پێوە دەنایت . تا زووتر خۆت بکەیت بە سەر شاری ماڵەوەداو ، خۆت گرر بدەیت . گەیشتیتە ئاستی دیوارە بێ توێخەکەی ماڵی خۆتان . چەند کەسێکی گەرەك بە دەم مشتو مڕەوە ، بەرەو ڕووت هاتن :

– کاکە من خۆم دەزانم . . لەو زیاتر کەس نی‌یە .

– ئینجا وا ئەویش بوو . بلێ چی ؟ حەز دەکات . . . ؟ پڕ بە دڵ حەزت دەکرد ببیتە لەتە خشتێکی کاڵ و ، بچیتە چینی دیوارەکەوە . جێت بە خۆت نەدەگرت . تا گەیشتنە ئاستت دەنگی دڵت دەهات . هەناسەت سوار بوو بوو ! کەچی ئاسایی و ، بێ هیچ گرنگیەك بەلاتا ڕەت بوون . بە دویدا کەمێك هێور بوویتەوە . هەناسەیەکی سەرفەرازیت هەڵمژی .

«ڕەنگە ئەمانە ئاگایان لە هیچ نەبێت !»

کەوتیتەوە پەلە کردن . لە سووچی دیوارەکەوە نامۆیانە بە کۆڵانەکەدا هەڵتروانی . وات دەزانی ئەمە چەند ساڵە و لێی براویت . تا خۆت گەیاندە دەم دەرگاکە هەستت دەکرد کە لە درزی دەرگاکانی ئەمبەر و ئەو بەرتەوە هەر چاوەو لێت زیت دەبێتەوە . بە پەلە پاڵت پێوە نا .

نەکرایەوە . بەگران سەرت بڵند کردەوە . بە قفڵێکی ڕەش کلۆم درابوو .

«دایکم لە کوێ بێت ؟ ئەی باوکم چۆن نە هاتۆتەوە ؟ ئەبێ ئەوانیان لە جێی من ڕاپێچ کردبێت !»

ویستت پڕ بە خۆت هاوار بکەیت . جارێکی دیکە هەڵبێیت و ، سەر بە دەریا تاریکەکەی شەوەوە بنێیت .

«چی بکەم ؟ بەم شەوە بچم بۆ کوێ ؟» .

– بۆ کوێ دەچیت ؟

بە دوایدا دوو پەنجەی ڕەق و زبر لە دواوە گوێچکەیان گوشیت . جەستەت بوو بە نەمامێکی ساواو بە ئاسانی بە دەستیەوە دەهات و دەچوو .

ڕووی بۆلای خۆی وەرگێڕایت . کەسەیرت کرد مامە حاجی دوکاندار بوو . سەیرێکی ئەم لاو ئەولای خۆیکرد . بە هێمنی ووتی :–

– جارێکی تر نەتبینم ئاگر بکەیتەوە . . ئەوە باشە ؟ تێگەیشتی ؟

گەرووت بەیەکدا نوسا بوو . ڕێی بە دەربازبوونی وەڵامەکانت نەدەدا . دەتوویست بڵێی :–

(– بەڵێ تێگەیشتم . بەڵام خۆزگە دەمزانی چی بووە ؟) .

مامە حاجی ئەوەندەی ووت و ، ڕێی خۆی گرت . تۆش لەپڕ نایە شوێن ئازارەکەو ، ڕێشت بە قسەکانی نەدەدا سارێژ بێن ! دڵت پڕ بوو بوو . چاوێکت بە دەرگاکاندا گێڕا .

خڕ داخرا بوون . چاوەکان تیایدا نیشتبوون .

لە دوورەوە دایکت بەدی کرد لە ماڵی (شلێر)ەوە وەدەرکەوت . بە چاوێکی پڕ ڕقەوە بەرەو رووت هات . بە دەستێکی لەرزۆکەوە دەرگاکەی ترازاند . لە پێش ئەودا خۆت کرد بە ژووردا . بەخێرایی گەیشتە سەرت . ئەویش هەموو هێزی لە بادانی گوێتا تاقی کردەوە .

– بێ گوێ ! چەند جارم ووت ئاگر بازی مەکە ؟ هەبێ و نەبێ ئەمە کەتنی تۆیە ! لەوکچە داماوە نەبوویتەوە تا سکی دایکیت سوتاندا !

ئەو داماوە بەدەم گرەوە ڕای کرد . کە کەوتیش وەك بووکە شووشە توایەوە . .

وەرە تاکەس نەیزانیوە تۆ بوویت یان نەء ؟ ! قسەکانی دایە ئاگرێك بوون لە ناخەوە جۆشی دەدایت . چاوەکانت بوونە دوو گۆمی خوێن و ، ڕق و خۆشەویستی تیایدا تێکەڵ بە یەك بوو بوون . پیشت دەخواردەوە . ئازارو گریانت پێچایە ناخی خۆتەوە . خۆت بە پێوە نەدەگرت . بە خێرایی خۆت کرد بە ژوورەکەدا لە پەو روو کەوتیت . هەنسکت هەڵدەدا .

کە گوێت لە دەنگی باوکت بوو ، ڕاچڵەکیت . بۆ لێزمەی ڕقی ئەویش خۆت ئامادە کرد . بەڵام نەهاتە ژوورەوە . هەر لەدەرگاکەوە بانگی کرد :

– ئافرەت گورج کە ئەو چەرخەم بۆ بێنە . ئەمرۆ لە بیرم چوو بوو ! ! با بچم بەلای ئەو ماڵەوە . وەبیرت هاتەوە . لە چاو تروکاندنێکدا چەرخەکەت لە گیرفانی شەرواڵەکەت دەرهێنا و ، لە شوێن جێگەکەی باوکت داتنایەوە . هێدی هێدی هێور بوویتەوە و ، خەوت لێ کەوت . ئیتر لەو ساوە ئاگرو سوتان بوونەتە دوو خەونی ناخۆش و شەوانە یەخەت پێ دەگرن . .